ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# زانکۆ

(٤)



ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

گوتراوە قسە قسە رادەکێشی، ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە ساتەکانی تـر بە دوای خۆیاندا دەهێنن، باسـی (حاجـی ناجی راوی)م دەکرد کە یەکەم پسـپۆری ئارایشتی شانۆ بوو لە عێراق دا، ئەم مامۆسـتا ئێسك سـووکە لە گەنجایەتیدا پاڵەوانی (زۆرخانە) بووە، یاریزانی زۆرانبازێش بووە.

سـەبارەت بەوەی چۆن چۆنی ئەو پسپۆرییەی هەڵبژاردووە؟ مامۆسـتایەکی هاوەڵـی ئەو رۆژانەی خوێندنـی لە (رۆما) گێڕایـەوە( لـە باڵەخانەیەکدا ژوورێکی بە کـرێ گرتبوو، وا رێکدەکـەوێ ئاهەنگێ دەبێ و سـەرجەم خانمانی ئەو گەڕەکە خۆیان لە تەی دەدەن و بـۆ ئاهەنگەکە دەچن، تەنها یەك خانم نەبێ، ئەمە دەبێتە مایەی پرسـیار، بۆ بە تەنها ئەو نەچووە و ماوەتەوە؟! ناچار لە خانمەکە دەپرسێ و ئەویش لە وەرامدا دەڵێ: ئەوانە گشتیان شەکرە خانمی شۆخ و شەنگن، من لە ناویاندا بە ناشـیرینییەکەمەوە دیار دەبم بۆیە حەز ناکەم بچم. ئەمیش دڵی دەداتەوە و دەڵێ: بۆ نایەیت من ئارایشتت بۆ بکەم، من قوتابی هونەرم و کەمێکی لێ دەزانم.

بـە هەر حـاڵ قایلی دەکات و ئارایشـتێکی گەلێك جوان و سەرنجڕاکێشـی بـۆ دەکات. خانمەکە لە خـۆی دەڕوانی کە بەڕاسـتی گۆڕاوە و شـەنگە خانمە، خـۆی دەگۆڕێت و بێ دوو دڵـی دەچێتە ئاهەنگەکە و وەك هەمووان سـەما دەکات، گەلێك لەوانە پێیان نامۆ دەبێت و لە یەکدی دەپرسـن: دەبێ ئەم شۆڕەژنە کێ بێ؟! پاشان چیرۆکەکەیان بۆ دەردەکەوێت و نهێنی ئەو جوانکردنە دەزانن.ئیدی خانمـان روو دەکەنە قوتابییەکەی هونەری شانۆ، ئەویش بەو پسپۆرییە قایل دەبێ و بەرەبەرە خۆی تیا تەیار و قاڵ دەکات و گچکە سـاڵۆنێك دەکاتەوە لە هەمان کاتدا خوێندنەکەشی بەرەو پسپۆری لە هونەری ماکیاژ دەبات.

کاتی من هات لەسـەر سـتولێکی بەرامبەری بە تۆی تەنها شـۆرتێکەوە دانیشـتم، کاتەکە گەرما بوو، بۆیە بە پانتۆڵ و فانیلەیەکی بێ قۆڵەوە بوو لە سنگ و قۆڵ و مەچەکیدا، کۆنە زۆرانبازێك دەینواند داوای لە چەند قوتابییەکی بەشدار کرد، لە پەنجەکانمەوە تا تەپڵی سەرم بە کرێمی (ڤازۆلین) چەور بکەن، پاشـان سەرقاپی شووشەیەکی کیلۆ قەبارەی کردەوە و وتی: ئەم کرێمە دروسـت کردنی خۆمە، چونکە لەم وڵاتە دەستناکەوێ، ناچار خۆم بە بیری خۆم سازم کردووە، هاتووم رەشی دووکەڵیش و پەڕۆی سووتاوم بە کرێم شێلاوە، ئەمە بۆ لەشیش باشە و خوێن چالاکتر دەکات، ئیدی کەوتە سـواغ دانی جەستەم، پاشان هەر بە کرێمی (ڤازۆلین)، بەپێی پێویسـت کاڵ و تۆخی دەکردەوە، هەسـتام و نۆرەی زنجییەکی دیکە هات، لە ئاوێنە باڵانماکەدا لە خـۆم روانی، پەنا بە خـوا چیم بینی، تەنیـا ددانەکانم و سـپێنەی چاوەکانم نەبێ هەر هەمووی رەشـی دەکردەوە، هەر ئەو سـاتە بیرم کردەوە، ئەگەر هاتوو راسـت بێ و رەش پێست بم، دەبێ چۆن لەخۆم و لە سـپی پێسـتەکان بڕوانم؟ ئەو دەمە ئەو پرسـیارە ماقوڵەم بە هەند وەرگرت، پاشان وام بۆهات: هیچ جیاوازییەك نییە تەنیا یەك شـت نەبێ، لە چاوی منەوە دەبووە هەر هەموومان یەك رەنگ بین، بەڵام ئەو هەمە رەنگییەی زەرد و سوور و رەش و سپی، هەر هەموو مرۆڤین. عیبرەتی ئەویش بە توانای هەڵکردن و گونجانە. لێتان ناشارمەوە وەك رەش پێستی، رەگەز پەرسـتان وایان لێکردووین جگە لە خۆم ئەوانی دی بەی پێست کەوڵ کراوم ببینم.

کاتژمێـر(١٠)ی شـەو پـەردە دادرایەوە و ئیـدی خەمی خۆشووشتنم بوو، خۆ ئێرە شانۆیەکانی وڵاتان نییە هەر ئەکتەرە و شوێنی تایبەتی خۆی بە گەرماوەوە هەبێ....

ناچار گوتم: تەنها رووخسـارم بشۆم و بسڕمەوە، قیرۆسیا لە جەستەم، کراس و گۆرەوی و بەرگەکانی ژێرەوەم فڕێ دەدەم.

درەنـگ وەختانێ گەرمـاوە ئەپارتمانەکەمـان، هاوەڵەکانم سـەرقاڵی خوێندن بوون، وەنەبێ گەرماوی شوقە پەرپوتەکەمان ئاوگەرمکەری تیابێ، ئەوە هەبوو پەرەمێزێکی گچکەی نەوت و مەنجەڵێکی گەورە، ئاوم تێکرد و دامگیرسـان، ئاو گەرم بوو جلـی ژێرەوەی خاوێنم هەڵواسـی و ئەوانی دیکەم فڕێدایە ناو تەنەکەی خۆڵەوە، هەر ئاوم بە خۆما دەکرد و سـابوون و لیفکەم بەخۆمدا دەهێنا، کەفی نەدەکـرد، هاوارم لە برادەرەکانم کرد بە هانامەوە بێن، وتم: بە قوربان کاتی شـەرح و حاڵ نییە، پاکەتی تایدم فریا خەن. کاتی حاڵی شـڕیان بینیم دەسـبەجێ غیرەت گرتنـی و بەهانامەوە هاتن، بە مشـت تایدیان پیا دەکردم ئاوم ئەکرد بە خۆما بەرەبەرە رەشـاو هاتە خوارەوە، کەف داپپۆشـیم، هەسـتیان بە ماندوو بوونم کرد، ئیدی هەر یەکە وەك هەرەوەزی کەوتنە هەڵمەتی خاوێن کردنەوەم شەکەت بووم.

وتـم: بە قوربانتان بم ئیدی لە وزەمدا نەماوە، ئەوی دیکە بۆ ژەمێکی دیکە و ماڵتان ئاوابێ و خوا لە برایەتی کەمتان نەکا، هەر ئەوەندەی چوومە سـەر قەرەوێڵەکەم، لەچاوتروکانێکدا خپ بووم و خەوێکی خۆشـم لێکەوت و دەمەو بەیانی لە خەونما لە تەك چەند برادەرێکی زنجی لە (هاییتی) پیاسەمان دەکرد.

پاش ماوەیەك پشـوویەك هاتە پێشـەوە، گەڕامەوە سلێمانی جانتاکەم پڕ بوو لە جلکەکانم، دایکم خسـتیە ناو جلشـۆرەکە، پاشان کە جلەکانی دەرهێنا، کەوتە گومان لە جلشۆرەکە وایزانی کار نـاکات، دوایی وتی: ئەرێ قەڵەمی مەرەکەب لە گیرفانتا نەبووە؟ نە، بۆچی؟ ئەرێ ئەو جلانەت بۆ رەش بووە؟ کەسـێ نەزانێ ئەڵێ سـالاریان ناردووە بـۆ تۆنچێتی گەرماو نەك بۆ کۆلێجی هونەر.

ئەم سەربوردەی ئارایشتکردنە سەرسوڕهێنەرەی تێکەڵی پێستم بوو بوو، پاش سـاڵەهایە کە کەسـایەتی (ئۆتێللۆ)م دەنواند، واتە سـاڵی ١٩٧٨ هەرە خۆشەویستم کاکە (حیکمەت هیندی) ماکیاجـی دەکردم هەر کە لە بەردەمیا دانیشـتم دەسـبەجێ ئەو کەسـایەتییەی ئەو دەمەم هاتەوە بیر، چونکە ئەم جارەش کەسایەتییەکی رەش پێست دەنوێنم، کاکە حکە گیان بە هەمان شێوە سەرقاپی قوتوویەکی کردەوە خستبوویە سەر لەپی چەپی و بەدەستی راسـتی کەوتە لێسوانی و لەسەر رووخسارمی دانا و و بە یـەك دوو ماچی گەرم و گوڕی روومەتەکانی کردم و گوتی: ئەحە گیان ببورە تەنها بۆیاخی پێڵاوم دەسـتکەوت بۆ ماکیاجەکەت، ئیتر حکە گیان کەوتە فڵچە لێدان و ئەحە گیان ئەحە گیان ...دامانە قاقای پێکەنین و گوتم (هیندی گیان) ئەگەر بۆیاخی (کۆبـرا) هیندییەکەیە لاریم نییە، چونکە ئەو جۆرە لەو ساڵانەدا باشترینیان بوو.

ئەمەیـان هێندە گرفت نەبوو، چونکە بە دوو سـێ دەسـتە سابوون سپی دەبۆوە، باش بوو هێندە لەسەری بەردەوام نەبووبێ لە رۆژی سـێیەمی نواندندا مامۆسـتا (زاهیر مەحمود) بە تیپوێـك کرێمی قاوەیی ئیتالییـەوە فریامان کەوت، یادی ئەو ئازیزەش بە خێر.

**بە هەر حاڵ قایلی دەکات و ئارایشتێکی گەلێک جوان و سەرنجڕاکێشی بۆ دەکات. خانمەکە لە خۆی دەڕوانی کە بەڕاستی گۆڕاوە و شەنگە خانمە، خۆی دەگۆڕێت و بێ دوو دڵی دەچێتە ئاهەنگەکە و وەک هەمووان سەما دەکات**

**هەر ئەوەندەی چوومە سەر قەرەوێڵەکەم، لەچاوتروکانێکدا خپ بووم و خەوێکی خۆشم لێکەوت و دەمەو بەیانی لە خەونما لە تەک چەند برادەرێکی زنجی لە (هاییتی) پیاسەمان دەکرد**



## هەیفا وەهبی:

# هاتنی من بۆ هەولێر خۆی سوپرایزە

ئێوارەی رۆژی ٢٠١٣/٥/٢٩ ئەستێرەی لوبنانی "هەیفا وەهبی" لەگەڵ هونەرمەندی عێراقی "حاتەم عێراقی" بۆ سازکردنی دوو کۆنسێرتی گۆرانی گەیشتنە هەولێری پایتەخت، دوای گەیشتنیان بۆ شاری هەولێر لە هۆتێلی رۆتانا کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسییان ساز کرد.

لە کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەدا هەیفا وەهبی باسی لە هاتنی کرد بۆ شاری هەولێر و ئایا ئەمە دوایین سەردانی دەبێت یاخود بە نیازە دووبارەی بکاتەوە، خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم سەردانە دەربڕی و وتی: بەر لەوەی بێم بۆ هەولێر تێڕوانینێکی جیام هەبوو بۆ شاری هەولێر بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی، من وامدەزانی هەولێر وەك هەر شارێکی دیکە ئاساییە،، بەڵام ئێستا ئەو تێڕوانینەم گۆڕاوە و بۆم دەرکەوت کە شارێکی جیاوازە لە زۆر رووەوە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەمە دوا سەردانم نابێت و سەردانی دیکەشی بەدوادا دێت، لێرەد پێویستە سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بکەم بۆ یارمەتیدانیان لە سەرکەوتنی ئەم سەردانە، هەروەها سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمە دەکەم، ئەمانەش هاندەرن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانم سەردانی کوردستان بکەمەوە، لە یەکەم ساتی هاتنم بۆ کوردستان جوانیی شاری هەولێر و ئەو پێشوازییە گەرمە و ئەو رێکخستنەی کە بینیم زۆر سەرنجی راکێشام.

سەبارەت بە سروشتی کوردستان و هاوشێوەی لەگەڵ لوبنان هەیفا: هەست دەکەم ئەو وڵاتە لە هەموو رووەیەکەوە پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە لە رووی ئاوەدانی و گەشتیاری، ئەوەی ئێمە و هەموو لایەك دەیبینین نیشانەی ئەم سەرکەوتن و پێشڤەچوونەیە بەتایبەتی بۆ وڵاتێك کە لە سەرەتای دووبارە بونیادنانەوە بێت، ئەمڕۆ کە هاتم لە پەنجەرەی ژوورەکەم سەیری دیمەنەکانی ئەم شارەم کرد بەراستی سەرنجڕاکێش بوون و هەستم بە ئەمن و ئاسایشێکی زۆر کرد، هەروەها حەز دەکەم بڵێم کە لێك نزیك بوون و لێکچوونێك هەیە لەنێوان لوبنان و کوردستان، هیوادارم کوردستان زیاتر پێشکەوێت و ئاوەدانی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت.

سەبارەت زانیاری دەربارەی هونەری کوردی و ئاشنا بوونی بە هونەری کوردی، و ئایا هیچ سوپرایزێکی هەیە، خانمە گۆرانیبێژ هەیفا وەهبی وتی: بەداخەوە زانیارییەکی ئەوتۆم نییە دەربارەی هونەری کوردی، هونەرمەندێکی کورد دەناسم بەناوی رێبەر وەحید کە بە یەکێك لە هونەرمەندە سەرکەوتووەکانی دەزانم، هیوادارم رۆژێك لە رۆژان بتوانم بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێم، هەرچەندە دەزانم ئەمە بۆ من رەنگە لەرووی زمانەوە تا رادەیەك سەخت بێت، بۆیە نەمتوانیوە وەك پێویست لە هونەری کوردی نزیك ببمەوە، زۆر حەز دەکەم گۆرانیی کوردی بڵێم، بەڵام خۆئامادەکردنی دەوێت و لەبەر ئەوەی زمانەکە بۆ من تا رادەیەك سەختە بۆیە لەو کۆنسێرتانە گۆرانی کوردی ناڵێم، سەبارەت بە بوونی سوپرایز لەو سەردانەش پێتان دەڵێ: هاتنی من خۆی سوپرایزێکە.

هەیفا وەهبی باسی لە بەرنامەی ئەرەب ئایدڵ و ئایا هیچ زانیارییەکی هەیە دەربارەی پەرواز حوسێن کە بەشداربووەکی کوردە لەو بەرنامەیە و تا ئێستا چەندین قۆناغی بڕیوە، هەیفا وتی: من سەیری ئەو بەرنامەیە دەکەم، پەرواز سەرنجی راکێشاوم، چونکە یەکێکە لە دەنگە خۆشەکانی بەرنامەکە و زۆریش پێشکەوتووە، من لە رێگەی ئەوەوە توانیومە هونەری کوردی زیاتر بناسم و هەستم بەوە کردووە کە کورد خاوەن بەهرەی هونەرییە، بەتایبەتی کاتێك لەگەڵ هاوسەرەکەی گۆرانی گوت زۆر سەرنجی راکێشام، هیوادارم پەرواز سەرکەوتوو بێت لەو بەرنامەیە.

هەیفا سەبارەت بە بەشداری کردنی لە یەکەم کاری سینەمایی کە فیلمێك بوو بەناوی (دکان شحاته) کە هەندێك کەس بە سەرکەوتوویان زانی لە هەمان کاتدا رەخنەیەکی زۆریشی لێگیرا، و ئایا بە نیازە جارێکی تر هەمان ئەزموون دووبارە بکاتەوە و بەشداری لە فیلمێکی دیکەدا دەکات، هەیفا وتی: بەشداری کردنم لە فیلمی (دکان شحاته) دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بوو، چونکە پێش ئەو فیلمە چەندین کاری دیکەی سینەماییم پێشکەش کرا، بەڵام من ئەوەم هەڵبژارد و پێی رازی بووم.

هەیفا ئەوەشی روونکردەوە کە ئێستا چەندین کاری دیکەی پێشکەش کراوە وەك نواندن کە بەشێکی زۆریان خوێندۆتەوە و لە کۆتاییدا بڕیار دەدات کە بەشداری لە کامیان دەکات و ئەو کارە هەڵدەبژێرێت کە بزانێت تێیدا سەرکەوتوو بێت و سیناریۆکەی بە دڵ بێت، یەکێك لەوانە زنجیرە درامایەکی لوبنانییە کە رۆڵی پاڵەوانیان پێی بەخشیوە و رەنگە بەم رۆڵە رازی بێت، هەروەها ئێستا خەریکی تەواو کردنی زنجیرەی میسری (مولد و صاحبه الغایب)ـە و لە ماوەیەکی زۆر زوودا کاری وێنەگرتنی تەواو دەبێت.






# سەرەڕای ناکۆکی نێوانیان جنیڤەر بۆ ئەنجلینا گریا

دوای جیابوونـەوەی براد پیتی ئەسـتێرەی سـینەمایی لە جنیڤەر ئەنیستۆن و دروسـتکردنی پێوەندی لەگەڵ ئەنجلینا جۆلی جۆرێك رق و ناكۆكی لە نێوانیان دروست بوو و چەندین جار بە ئاشكرا لە میدیاكان قسەیان ئاراستەی یەكتری كرد.

ئەوەی جیگای سەرنجە كاتێك جنیڤەر هەواڵی نەشتەرگەری ئەنجلینا و بڕینەوەی هەردوو مەمكی بیست دەستی بە گریان كرد وهاوخەمی خۆی بۆ ئەم رووداوە دەربڕی، بەپێی قسـەی چەند كەسـێكی نزیك لێی دوای بیستنی ئەم هەواڵە جنیڤەر دەسـتی بە گریان كرد و وتی: ئەنجلینا بەم كارەی سەلماندی كە براد و منداڵەكانی زۆر لە خۆی خۆشتر دەوێن، جنیڤەر بـە گریانەوە بەردەوام بوو و وتی: ئەم بڕیارەی نیشـانەی ئەوەیـە كە زۆر لە خەمـی خێزانەكەیدایە و رازی بوونی براد پیتیش بەم بڕیارەی ئەنجلینا ئاماژەیەكە بۆ ئەوەی كە ئەنجلینای لە هەموو شتێك خۆشتر دەوێت لە جیهان.

جنیڤەریش بەر لە ئێسـتا بەشێوەیەكی خۆ بەخش بەشداری كـرد لە چەند هەڵمەتێك بۆ وشـیار كردنـەوەی ئافرەتان لە مەترسـییەكانی شـێرپەنجەی مەمك و چۆنیەتی خۆپاراستن لێی، هەروەها لە پێشـەنگی ئەو ئەكتەرانە بوو كە بڕێك پارەی پێشكەش كرد بۆ نەهێشتن و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەم نەخۆشییە ترسناكە.





## كاسرین هیگڵ ژیانی گوندی پێخۆشترە

دوای ئەوەی لۆس ئەنجلۆسی جێهێشت و رووی لە ویلایەتی یۆتا كرد، كاسرین هیگلی ئەستێرەی سینەمایی ئەمریكی رایگەیاند كە ژیانی گوندی زۆر لە لا خۆشتر و پەسەندترە لە ژیانی شار.

كاسرین كە لەگەڵ جۆش كیلی هاوسەری و دوو منداڵەكەی رووی لە گوندێكی ویلایەتی یۆتا كردووە، رایگەیاند: ژیانی گوند تام و چێژێكی تایبەتی هەیە بەتایبەتی بۆ هونەرمەندان كە دوورن لە راگەیاندن و كامێراكانی وێنەگران و ئازادە لەوەی چی دەكات و چۆن رەفتار و هەڵسوكەوت دەكات بێ ئەوەی ترسی لە ئابروو بردن یان گرتەی ڤیدیۆیی و فۆتۆی وێنەگران هەبێت.

هیگل بە گۆڤاری (LOOK) ی راگەیاند كەماڵەكەی دەكەوێتە نێو چەند چیایەكی بەرزی جوان و سەرنجڕاكێش و زۆریش خۆشحاڵە بەو ژیانەی ئێستای و پێوەندییەكی زۆر بەتینی لەگەڵ دراوسێكانی هەیە و بەردەوام لە گەشتدان و كاتێكی رۆمانسی بەسەر دەبەن، لە هەموویش گرنگتر ئەو شێوازە نوێیەی ژیان بەشێكە لەو بەرنامەی كە بۆ منداڵەكانی دایناوە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە پێ بگەن.

## هاوسەرەكەی بە جوانترین پیاو دەزانێت

خانمـە گۆرانیبێـژی لوبنانی ئەمەل حیجـازی رایگەیاند دوای پێكهێنانی ژیانی هاوسـەری و پێكهێنانی خێزان و بەرپرسیاریەتیی بەڕێوەبردنی ماڵ، ژیانی بە تەواوی گۆڕاوە و زۆریش حەز دەكات بە وردی ئاگای لە پەروەردە كردنی منداڵەكانی خۆی بێت.

لە وەڵامی قسـەیەكی حەلیمە بولەنـدی راگەیاندنكاری كوێتی گوایە هاوسـەرەكەی لە هاوسـەری ئەمەل جوانترە، ئەمەل وتی: ئەمـە ڕای تایبەتی خۆیەتی، بەڵام بە ڕای من هاوسـەرەكەم جوانترین پیاوە لەسەر رووی زەوی، دەربارەی خانمە گۆرانیبێژی ئیماراتی ئەحـلام وتی: ئەحلام یەكێكـە لە نزیكترین هاوڕێكانم، هەروەها چێشـتلێنەرێكی زۆر سەركەوتووشە.

دوور لـە گۆرانیـی وتنیش ئەمەل وتـی: من بینەرێكی بەردەوامـی زنجیرە دراما توركییەكانـم بەتایبەتی (علی مر الزمان) و (حریم السـلطان)، هەروەها سـتایش خالد ئارگنش كە ڕۆڵی سولتان دەبینێت و زۆریش سەرسامە بە ئانگین ئەكیوریك كە ڕۆڵی كەریم دەبینێت لە زنجیرەی (فاطمە)، چونكە شێوەی زۆر لە هاوسەرەكەی دەچێت.



# مادۆنا لە تابلۆیەک ٧ ملیۆنی کۆکردەوە



لە درێــژەی هەڵمەتێکی خێرخوازیدا بۆ کۆمەك کردنی پڕۆژەکانی خوێندنی کچان لە ئەفغانســتان و پاکســتان و چەند وڵاتێکــی دیکە، ئەســتێرەی پۆپی ئەمریکی مادۆنــا تابلۆیەکی نیگارکێشی فەرەنســی فرناند لیجیە بــە بڕی زیاتــر لە ٧ ملیــۆن دۆلار فرۆشت.

لــەم بارەیــەوە خانەی (سۆســپی) بۆ مەزادی ئاشــکرا لە ویب ســایتی تایبەتی خــۆی رایگەیاند تابلۆکە بە ناوی ( ســێ ئافرەت لەسەر مێزێکی ســور) و دەگەڕێتەوە ســاڵی ١٩٢١، کەسێکی نادیار کڕی و بەر لە مەزاد کردنــی نرخی گەیشــتبووە ٧ ملیۆن دۆلار.

لەلایەن خۆیــەوە مادۆنا رایگەیاند: ســاڵی ١٩٩٠ ئەم تابلۆیەی کڕیوە و مەبەستی فرۆشتنی تەنیا بۆ ئەوەیە کە کۆمەکی تەواو کۆ بکاتەوە بۆ دەزاگای ( رای ئۆف لایــت) کە رێکخراوێکی خێرخوازییە بەشێوەیەکی خۆبەخش کار دەکات بۆ مەشــق پێکردنی پیشەیی منداڵانی ســەر شــەقام و جووتیار و هــەژاران، مادۆنــا زیاتــر وتی: من ناتوانم بەرگەی ئــەوە بگرم کە ببینم لە جیهاندا ئافرەتان بریندار بکرێن یان تەقەیان لێ بکرێــت و بکوژرێن تەنیا لەبەر ئەوەی دەچنــە قوتابخانە، بۆیە پێموایە پێم باشــە شتێکی گرانبەها کە ئەو تابلۆیەیە بگۆڕمەوە بە شــتێکی تری پــڕ بەها کە ئەویــش خوێندنی کچانە کە ئامــادەم هەموو تواناکانی خۆم لەو بوارەدا بخەمە گەڕ.

# پێویستە کلیپ بە سەمای کچان پڕ نەکرێتەوە

دڵشاد نێروەیی:

یەکێکە لەو هونەرمەندە لاوانەی کە خاوەن دەنگ و سەلیقەیەکی هونەریی زۆر بەرزە، لە گۆرانیی نیشتمانی و سروود و گۆرانیی ئەڤینداریدا بەهەستێکی راستگۆیانە و دڵسۆزانیە، ئەگەرچی دەرچووی هیچ پەیمانگا و کۆلێژێکی هونەریی نییە، بەڵام ئەوەی بە وردی لە گۆرانییەکانی بڕوانێت، هەست دەکات کە هونەرمەندێکی بە ئەزموونە و تەنیا کار بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێك یان سیدییەك ناکات بۆ ئەوەی پێی بناسرێت، بەڵکو لە روانگەی دڵسۆزی بۆ کارەکەی و هەوڵدان بۆ خزمەت کردنی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی دەیەوێ شتێکی نوێ پێشکەش بە جەماوەر بکات لەلایەك هونەری کوردی پێ دەوڵەمەندتر بکات، لەلایەکی دیکەشەوە دەیەوێ ئەم بەرهەمەی بە زیندوویی لەلایەن جەماوەر بمینێتەوە.

دڵشاد نێروەیی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە گرنگییەکی زۆر بە کلیپ دەدات و بە بەشێکی سەرەکیی سەرکەوتنی هەر گۆرانییەکی دەزانێت، لەم بارەیەوە دلشاد دەڵێت: چەند هۆکارێکی سەرەکی کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی کلیپ سەرکەوتوو بێت، مەبەست لێرە ئەو کلیپەیە کە وا دەکات جەماوەر لێی تێبگات و هونەرمەند بە رێگای کلیپەکەیەوە پەیامی سەرەکی گۆرانییەکە بە جەماوەر بگەیەنێت، ئەمەش تەنیا ئەرکی سەر شانی دەرهێنەر و گۆرانیبێژ نییە، بەڵکو تەواوی ئەو ستافەی لە کلیپدا کار دەکەن ڕۆڵی خۆیان هەیە لە سەرکەوتنی واتە کارێکی هەرەوەزی بە کۆمەڵە، سوپاس بۆ خوا کادری زۆر سەرکەوتوومان هەیە لە بواری کلیپ لە دەرهێنەر و وێنەگر، تا ئێستا کلیپی زۆر جوان هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش دەبینین هەندێك لە کلیپە کوردییەکان دوور لە چیرۆك و ناوەڕۆکی گۆرانییەکان کلیپ بەرهەم دەهێنن، بەداخەوە بەشێکی زۆریان پشت بە نیشاندانی کچ و جوانییەکانی دەبەستن، لەگەڵ ڕێزم بۆ بەشێك لە هونەرمەندان، بەڵام بەشێکیان دەیانەوێ لایەنە خراپەکانی گۆرانییەکانیان جا لە ئاواز بێت یان لە تێکست بە کلیپ بشارنەوە، هەندێك کلیپی دیکە دەبینین کە ناوەڕۆك و تێکستی گۆرانییەکە زۆر جیاوازە لەگەڵ کلیپەکە، گۆرانییەکە باس لە غەم و ناخۆشی و دوورە وڵاتی دەکات کەچی لە کلیپەکەدا دەبینین کچ پێدەکەنێت یان سەما دەکات، ئەمەش دوو شتی زۆر جیاواز و دوور لە یەکترین و بینەریش زۆر بە زەقی هەستی پێدەکات، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر گۆرانییەکە، چونکە رەنگە گۆرانییەکە زۆر خۆش بێت و ئاواز و تێکستی زۆر جوان بێت، بەڵام بە کلیپێکی بێ بەرنامە دەیکوژن.

دلشاد نێروەیی هەروەها دەڵێت: پێویستە گۆرانیبێژ و دەرهێنەر بیر لەوە بکەنەوە کلیپێك پێشکەش بە بینەر بکەن کە بەلایەنی کەم بتوانێت لایەنێکی جوانی هونەری کوردی نیشان بدات و نابێ تەنیا پشت بە کچێکی جوان ببەستن و کلیپەکە بە نیشاندانی کچ پڕ بکەنەوە و وابکەن کە بینەر زۆر سەرنجی لەسەر گۆرانییەکە نەبێت ئەوەندەی سەیری



دیمەنـــی کچەکە بکات، چونکە زۆر جـــار گۆرانییەکانمان لە کەناڵە جیهانییەکان یان لە فیســـتیڤاڵەکان نمایش دەکرێت، زۆر کـــەس رەنگە زمانی کوردی نەزانن، بـــەڵام رەنگە لە رێگای ئەو کلیپانەوە حوکم لەســـەر هونەری کوردی بدەن بەشێوەیەکی گشتی ئەمەش زیانی دەبێت بۆ هونەری کوردی.

پێشـــکەوتنی تەکنۆلۆژیـــا و گۆڕانکارییـــە سیاســـیی و ئابوورییـــەکان وایانکـــردووە کـــە هونەری کـــوردی تەنیا لە چوارچێوەی کوردســـتانی نەمێنێت و جۆرێك لە تێکەڵاوی و پێوەنـــدی لە نێوان هونەرمەنـــدان هەبێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بەرهەمی هونەرمەندان بە ئاســـانی و لە کاتێکی زوودا بڵاوبێتەوە، لەم بارەیەوە دلشـــاد نێروەیی دەڵێ: لە چەند ساڵی رابردوودا بە هۆی ئەو پێشکەوتنانەی کە هەیە هونەری کوردی پێشـــکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لـــە هەموو لایەنەکانەوە، هەرچەندە ئەو ئازادییەی باشووری کوردستان دەرفەتی زیاتری بـــۆ هونەرمەندان رەخســـاندووە کە کاری جوانتـــر بە ئازادی پێشـــکەش بکەن، بەڵام لە هەموو پارچەکاندا هونەرمەندی وا هەن کە توانیویانە خزمەت بە هونەر و کلتووری نەتەوەیی کورد بکەن لە هەمان کاتدا کاری نوێخوازیشـــیان پێشکەش کردووە و بۆ پێشخستن و بەرز کردنی ئاستی هونەر و کلتووری میللەتی کورد کاریان کردووە و جێی پەنجەیان دیارە، لە بەرامبەردا رەنگە کەســـانێك هەبن لە بواری هونەریدا کار بکەن و گۆرانی بڵێن کەچی کارەکانیان وەك پێویست نییە یان لە ئاستێکی نزمدایە، پێموایە ئەمەش کارێکی ئاسابیە، چونکە مەرج نییە هەر شتێك پێشکەش بکرێت لە ئاستێکی بەرزدابێت .

بۆ بەردەوامی و پێشخستنی هونەری کوردیش دلشاد دەڵێت: بەر لە ئەنجامدانی هەر کارێکی هونەری پێویستە ئێمە لایەنی نەتەوەیی و پاراســـتنی مۆرکی نەتەوەیـــی خۆمان بپارێزین و گرنگی پـــێ بدەین، تەنیا بیر لەوە نەکەینـــەوە کارێکی جوان پێشـــکەش بکەین، بەڵکو دەبێ بیر لەوە بکەینەوە چۆن کارێك پێشکەش بکەین لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری تێدا رەچاو بکەین و بەرژەوەندی نیشتمان لەسەرووی بەرژەوەندی تاکە کەسی دابنێین، پێویستە لە روانگەیەکی نەتەوەییە بڕوانینە کارەکانمان و یەکڕیـــزی میللەتی خۆمان بپارێزیـــن و پتەوتری بکەین و دڵسۆز بین بۆ وڵاتەکەمان و بەرەو دەوڵەت بوون هەنگاو بنێین، وەك هونەرمەنـــد ئەمانە هەموویان کاریگەریان بەســـەر منەوە هەبووە و دەمویســـت هونەرەکەم لە خزمەتی شۆڕشی میللەتی کورددا بێت، لە بەرامبەردا پێویستە حکومەت و دەسەڵاتیش بیر لە بەرژەوەندی هونەرمەندان بکاتەوە و کارێك بکات کە مافیان لە هەموو لایەکـــەوە پارێزراو بێت بۆ ئـــەوەی ئێمەش بتوانین کاری جوانتر پێشـــکەش بکەین و داهێنـــان بکەین لە هونەری خۆمانـــدا کە لە کۆتاییدا بـــە بەرژەوەندی هونەری کوردی بە گشـــتی دەشکێتەوە، یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی حکومەت بەرامبەر بە هونەرمەندان ئەوەیە کە پێویســـتە رێگا لە دیاردەی کۆپی کردن بگرێـــت، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانیـــن کاری جوانتر پێشکەش بکەین و مافی کۆمپانیا هونەرییەکانیش پارێزراو بێت بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن بە هێزێکی زیاترەوە بێنە مەیدان و لە رێگای چاپ و بڵاو کردنەوەی کارە هونەرییەکانەوە خزمەت بە هونەری کوردی بکەن.

# گرووپی بێسارانی پاڵپشتی پێشنیازی هاوکاریی هونەرمەندان بۆ کوردانی رۆژئاوا دەکات

دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی پێشـــنیازەکەی هونەرمەندی موزیکژەن هەڵبەست سەڵاح، سەبارەت بە پرۆژەی «سندوقی کۆمەکی ئازیزان» بۆ هاوکاریکردنی کوردانی رۆژئاوای کوردستان لە هەرێمی کوردستان، گرووپی مۆسیقای بێسارانی ئامادەیی خۆی نیشان دەدات بۆ بەشداریکردن لەم پڕۆژە هونەرییە نەتەوەییەدا.

بەپێی راگەیەندراوێکی گرووپی مۆسیقای بێسارانی، دوای ئەوەی موزیکژەن هەڵبەست سەڵاح پێشنیازی سازدانی کۆنسێرتی «گەورەی هونەریی خێرخوازیی نەتەوەیی» دەکات بۆ ئەوەی داهاتەکەی بۆ «سندوقی کۆمەکی ئازیزان» تەرخان بکرێت و هاوکاری کوردانی رۆژئاوای کوردســـتانی لە هەرێمی کوردســـتان پێ بکرێت، گرووپی بێســـارانی پاڵپشتی ئەم پرۆژەیە دەکات و ئامادەیی خۆیشی نیشان دەدات بۆ بەشداریکردن لەم پڕۆژە هونەرییە نەتەوەییەدا.

هەر لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، گرووپی بێســـارانی بۆ پرسە نەتەوەیی و خێرخوازییەکان هەمیشە پاڵپشت دەبێت، چونکە هونەر جگە لەو جوانی و خۆشـــییەی بە مرۆڤی دەبەخشـــێت، دەکرێت رۆڵی لەوە گەورەتری هەبێت و خزمەتی مرۆڤایەتی پێ بکرێت.

لە جێی خۆیدایە، هونەرمەندان لە رێگەی هونەرەکەیانەوە بەشداربن لەم جۆرە پڕۆژە نەتەوەیی و خێرخوازیانە، پێویستە ئەم لایەنە بکرێتە نەریتێك، بۆ ئەوەی پەیامی هونەری لە کوردستان بەهێزتر بکرێت.

گرووپی مۆســـیقای بێسارانی، لە ساڵی ٢٠١٠ ـ دا کۆنسێرتێکی لە شاری هەولێر سازکرد و داهاتەکەی بۆ منداڵانی بێ سەرپەرشت تەرخانکرا.

دوایین چالاکی ئەو گرووپە مۆسیقییە، کۆنسێرتی «زریکەی کۆچ» بوو لە یادی ٢٥ ساڵەی ئەنفالکردنی کورددا، کە بە چاودێریی وەزارەتی کاروباری شـــەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، سۆران و کەلار بەڕێوەچوو.

